سەید حەکیم پێشوازی لە بالیۆزی ڕووسیا دەکات و گرنگی پتەوکردنی سەقامگیری ناوچەکە دووپاتدەکاتەوە



سەماحەتی سەید حەکیم، سەرکی هاوپەیمانیتی هێزکانی دەوڵەتی نیشتمانی پێشوازی لە بەڕێز ئالیەس کەتراشڤ بالیۆزی ڕووسیا لە عێراق کرد، لەم دیدارە باس لە پەیوەندی دوو قۆلی بەغداد و مۆسکۆ و چنیەتی پتەوکردنی لێگەی تاوتوێکردنی دۆخی سیاسی عیراق و ناوچەکەی کرد.

سەماحەتی حەکیم بانگەشەی بۆ پەیرەوکردنی زمانی گفتوگۆ دووپاتکردەوە بۆ چارەسەر کردنی کێشەکانی ناوچەکە و گوتیشی گرنگە بگەڕێنەوە بۆ یاسای نیو دەوڵەتی و شەرعیەتی نێو دەوڵەتی، هەروەها سەرکەنەی خۆی دووپات کردەوە بۆ بەردەوامبوونی دەستدرێژی ئیسرائیلی بۆ سەر غەزە و سەرسوڕمانی خۆی دەربڕی بەهۆی بێدەنگی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لەئاست ئەو تاوانانەی دەرهەق گەلی فەلەستینی ئەنجام دەدرێت.

سەماحەتی جەختی کردەوە لەسەر ئەوەی ئەو سەقامگیرییەی عیراق لە ڕووی سیاسی و ئەمنی و کۆمەڵگەیی بەخێوە بینیوە کۆلەکەیەکی سەرەکییە بۆ سەقامگیری ناوچەکە و ئەوەش پێویستی بەوەیە پتەوتر بکرێت و بچەسپێت و ئاماژەشی کرد کە هێزاردنەکانی داهاتوو وەک دەروازەیەکی گرنگ بۆ بەردەوام بوونی ئەو سەقامگیرییە بایە بەشداریکردن تێیدا زۆر گرنگە کە بەهۆشیاری و کاریگەری ئەنجامبدرێت.